هەرکەسێک بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وچوار ڕکاتی سوننەت لە دوای نوێژی نیوەڕۆ؛ ئەوا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ

لە ئوم حەبیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وچوار ڕکاتی سوننەت لە دوای نوێژی نیوەڕۆ؛ ئەوا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی داوە بە ئەو کەسەی چوار ڕکات نوێژی سوننەت دەکات لەپێش و لە دووای نوێژی نیوەڕۆ، وبەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانیان بەم شێوەیە؛ ئەوا خوای گەورە ئەم کەسە حەرام دەکات لەسەر ئاگری دۆزەخ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11251